هەرێمی کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

کارگێری

أقليم كردستان - العراق

مجلس محافظة السليمانية

الأدارة

**Kurdistan Region – Iraq**
**Slemani Provincial Council**

ژمارە: ٢
ڕۆژ: ١٣ / ٤ /٢٠٢١

No:
Date:

پۆیشتوو
ژمارە :
ڕۆژ : / /

## بڕیاری ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٢١

ئاماژە بە ماددەی (١٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەبەرواری (١٣ / ٤ /٢٠٢١) لەکۆبوونەوەی ئاسایی ( ٦١ ) شەست و یەکی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی (٢٥) ئەندام لەکۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن، ئاماژە بە یاداشتی ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەن و بەدواداچوونەکانی لیژنەکانی ( کاروباری یاسایی – کارگیری و دارایی وکشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاوو خزمەتگوزاری و شارەوانی و ریگاوبان و ئاوەرۆ )ی ئەنجومەن و ئاماژە بە نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی ژمارە ( ٤١٥٩ لە ٢٠٢١/٤/٧ ) وە نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی سلێمانی ژمارە ( ٤٣٤ لە ٢٠٢١/٣/١٠ ) ئاماژە بە ماددەی ( ٥ ) وبرگەی ( ٨ ) ی ماددەی ( ٦ )ی یاسایی ژمارە ( ٣ ) سالی ( ٢٠٠٩ ) .

بڕیاردرا بە:

١. هەڵکەندنی بیر بەشێوەی یاسایی بەپێی ڕێنمایی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ( ٢٠١٥ )ەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەبێت بە ئامیری هەڵکەندنی ( ڕۆتەری ) یان ( هەمەر ) بۆ بەرژەوەندی گشتی و کشتوکاڵ و پاراستنی سامانی ئاژەڵی و پەلەوەر تا ئەوکاتەی ڕینماییەکانی ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ( ٢٠١١ ) هەموار دەکرێتەوە ، وە بۆ ڕێگری کردن لە بیری نایاسایی سزادانی سەرپێچی کاران .

٢. هەڵکەندنی بیر بۆ ئاوی خواردنەوە بەپێی ماددەی ( ٥ )ی ڕێنمایی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ( ٢٠١٥ ) دەبێت بەهەمان ئامیری ( ڕۆتەر ) یان ( هەمەر ) بۆ بەمەبەستی قوڵکردنی بیریش بەهەمان ڕێنمایی .

٣. ئەم بریارانە پاریزگارەکان وسەرپەرشتیاری ئیدارە سەر بە خۆکانی سنوری جوگرافی ئەنجومەنی پاریزگا بەپێی برگەی ( ٣ ) لە ماددەی ( ١٩ )ەی یاسای ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ( ٢٠٠٩ )ی ئەنجومەنی پارێزگاکان جێ بە جێ دەکرێت بەپێی لیژنەی پەیوەندیداری پێکهاتوو لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان .

ئەم بریارە بە دەنگی ( ٢٣ ) ئەندام پەسەندکرا لە ( ٢٠٢١/٤/١٣ ) لە سلێمانی نوسرا لە ڕۆژی دەرچوونیە وە کاری پێ دەکرێت.

**ئازاد محمد أمین**
**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**

shapol

www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : ٠٥٣٣١٨١٠٨٣
P.O : ٢٧ Bord :٠١٧٦
ناونیشان: سلێمانی – ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیک پردی قلیاسان